ئیعدامکردنی صدام حسین، ملیشایی بوو، هیچ پەیوەندی بە خواستو ویستی خەڵکی عێراقو کوردستانەوە نەبوو!

سامان کەریم
zaryak@yahoo.com

صدام حسین، ئیعدامکرا، بەڵام لەگەڵ ئیعدامکردنی صدام حسین دا کۆمەڵێك ڕاستی کە لای ئەم پاڵەوانەی ناسیونالیزمی عەرەب بوو ئیعدامکران. ڕاستیەکانی سەبارەت بە پەیوەندی صدام حسینو حکومەتەکەی بە ئەمەریکاو ڕۆژئاواوە، ڕاستی لەپەیوەند بە ئەنفالو کیمیایی بارانو کۆمپانیاکانو ڕۆڵی ئیدارەی ئەمەریکا لەوکاتەدا، بەجیا لەوانەش بێبەشکردنی هەموو ئەو کەسو لایەنانەی کە شکاتیان هەبوو لەم دیکتاتۆرە و لەوانە خەڵکی کوردستان بێبەشکرا لەو ڕاستیانەو بێبەشکرا لە داداگاییەك کە حەقیقەت نیشان بدات. لەوەش واوەتر لەم دادگایکردنەدا جگە لە تۆلەی سیاسی، وە داگادایەکی سیاسی هیچ دەرسێك وە هیچ ئەلگۆیەك لە دادگا نیشان نەدرا کە بۆ ئایندەی نەوەکانمان جێگای گەرانەوەو تێڕامانو دەرس وەرگرتن بێت. صدام حسین لەسەر سەرکوتی قەومی خەڵکی کوردستان دادگایی نەکرا، کە زۆر پێش ئەنفالو کیمیایای باران دەستپێکردبوو، صدام حسین لەسەر زەوتکردنی مافی بڕیاردانی چارەنوسی سیاسی خەڵکی کوردستانو سەرکوتی ئازادییە سیاسیەکانو مافە فەردیو مەدەنیەکانی خەڵکی عێراقو کوردستان دادگاینەکرا. صدام حسین لەسەر سەرکوتی بزوتنەوەی کرێکاریو زەوتکردنی مافەکانیان داداگای نەکرا، وە لەسەر زەوتکردنی مافەکانی ژنانو منداڵانو لاوان داداگایی نەکراو هەر لێی نەپرسرا، چونکە ئەو دەسەلاتو ئەو داداگایەی کە صدامی دادگایکرد، نیشانی داوە کە سیستەمو بیرو سیاسەتی بەعس ڕوکنێکی سەرەکیەتی لە بیکردنەوەو بەریوەبردنی کاروباری کۆمەڵگادا، لەوەش زیاتر تیرۆری کردۆتە کاری دەوڵەتو وەزارەتەکانی.

لەڕوانگەی ئێمە ئیعدام سزایەك نیە، وە ناکرێت یاسایی بێت، سزا بۆئەوەیە کە ئینسانێك بە هەڵەکانی پێشویدا بچێتەوەو چاکی بکاتەوە، بەلام ئیعدام تیرۆرکردنی ڕەسمی دەوڵەتە، کوشتنی قانونیە، کە ئێسنان کوژرا جیاوازییەك نامینێت لەوەی کە چۆن کوژراوە، بەقانونی یان بەنا قانونی!. بەجیا لەوە ئیعدامکردنی صدام بەتەواوی سیاسی بوو لەجۆری تائیفیەکەیو وە میلیشیایی بووبە قازانجی ئیسلامی سیاسی شیعیو دەسەلاتەکەی، بۆ قوڵکردنەوەی کێبەرکێی تائیفی نێوان "سوننەو شیعە" بە ڕیکەوتن لە نێوان ئیسلامی سیاسی شیعیو ئیدارەی ئەمەریکیدا جێبەجێکرا. شوێنی ئیعدامکردنە"شوعبەی 5ی ئیستخبارات" کە تایبەت بە کاری هەواڵگری لەسەر کۆماری ئیسلامی ئێرانو هەروەها دیاریکردنی ڕۆژەکەی کە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان بوو لای موسلمانی سوننە مەزهەبو هەروەها جەلادەکان کە ناوی موقتەدا صدریان هێنا لەچرکەکانی پێش ئیعدامکردنەدا، بەشێوەیەکی ڕۆشن میلیشیایی بونی ئەم دەسەلاتەی بەغدا نیشان دەداتو فڕی بەسەر ئەو دەستورە کۆنەپەرستەشەوە نیە کە خۆیان نوسیویانە. ئەمە بەجیا لەوەی کە هەر دەستورو یاساو دەسەلاتێك کە ئیعدام وەکو "سزا" یەك بکاتە یاسا، بێگومان دەرخەری ئەو ڕاستییە کە دەسەلاتێکی تاسەرمۆخ کۆنەپەرستو نامۆیە بە هیواو خواستی ئینسانو دەیەوێت بەم کارە کۆمەلانی خەڵك چاوترسێن بکاتو دەسەلاتی گەنیوی خۆیان بسەپێنن کە تا ئێستا لەناوچەی سەوز تێنەپەڕیوە.

ئیدارەی بۆش بەم ئیعدامکردنە لە ئاخرین ڕۆژی ساڵی 2006دا دەیەوێت بڕێك فەشەلو شکستەکانی خۆی بشارێتەوەو بەخەڵکی ئەمەریکا بلێت، ئەوە "دیکتاتۆر"یك ڕوبەڕوی عەدالەت بوەو دیموکراتی وا پێدەگرێت لە عێراقدا!! دەیەوێت ینشانی بدات کە لەعێراقدا تا ئێستا کارێکی پێدەکرێت. بەڵام بۆ ئیسلامی سیاسی شیعی مانایەکی قوڵتری هەیە، ئەویش لە سێدارەدانی سمبولێکی ناسیونالیزمی عەرەبەو بەم پێیە بریندارکردنی جەستەی ئەم بزوتنەوەیەو حکومەتو هێزەکانیەتی لە ناوچەکەدا لەباری سیاسیومەعنەوییەوە. لەلایەکی دیکەشەوە ئیعدامکردنی صدام ڕاستەخۆ کە خۆشیان بە ئاشکرا ڕایانگەیاندوە بۆ چاوترساندنی "مقاومەی سوونیە" بۆ چاوترساندنی "پاشماوەی بەعسیەکانە" ئەم ئیعدامکردنە تەنها لەبەر ئەم دەلیلەش بێت فڕی بەسەر یاساوە نەبوەو بەتەواوی سیاسیە.

ئەگەر بڕیار بێت تاوانباران بکوژانی خەڵکی عێراق سزا بدرێن پێم وابێت دەبیت لە پێشەوە لە بۆشەکانەوە دەستپێبکەین تادەگاتە تاتشەرو بلیرو ئینجا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانو لەگەڵ صدامیشدا دەسەلاتدارانی ئێستای بەغدا کە عێراقیان نقومی تیرۆرو تیرۆیزم کردوە... بۆیە ئەم ئیعدامکردنە فڕی بە سەر خواستی خەڵکی عێراقو کوردستانەوە نیە. خەڵکی عێراقو کوردستان بۆیە داوای سزادانی صەدامیان نەکردوە، بۆئەوەی سیاسەتو دەستوری وولات ببێتە دەستورێکی کۆنەپەرستو میلیشیایی بەڵکو لەپێناو دەرکەوتنی ڕاستیەکانو دوبارەنەبونەوەی ئەو شێوە دەسەلاتە کۆنەپەرستەی صدامو حزبەکەی بوە ئەم ئیعدامکردنە دژە ئاراستەی ئەو خواستو ویستانەی خەلکی عیراقو کوردستان بوو.